کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-8-2007 15:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمەڵگەیەک کە حەسرەتکێشی دەستی خۆیەتی ... محەمەد چیا

کۆمەڵگە ناتوانێت پارێزگاری لەقەوارە و بوونی خۆی بکات، ئەگەر دووشت هەیە وەك دوو بەهای باڵاو ستاندار سەیری نەکات و نەیانخاتە سەرووی هەموو ئیعتیباراتەکانەوە، ئەوانیش یاساو ڕێساکانە، مەبەستم لەدوو هەمیان ئەو نەریت و فەزیلەتانەیە کەبەگشتی کۆمەڵگە لەسەری کۆکن و هاوڕان، هەڵبەتە جێبەجێکردنی یاسا لەئەستۆی حکومەتدایە، ئەمەش وەك ئەوەی کە حکومەت تاکە ئۆرگانی باڵایە کەدەسەڵاتی جێبەجێیکردنی یاسای پێ سپێراوە، هەرچی نەریت و دابە کۆمەڵایەتیەکانیشە کە کۆمەڵگە دەستی پێیانەوە گرتووەو قەناعەتی خۆی پێ بەخشیوە، ئەمانیش ڕۆڵێکی گەورە لەبوارە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگێڕن، بەڵام بەو مەرجەی کۆمەڵگە بەڕاستی دەستیان پێوە بگرێت، نەك تەنها وەك ئامرازێك بەکاریان بهێنێت بۆ لەخشتەبردن و فریودانی یەکتر.



بەداخەوە ئەگەر سەیرێکی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بکەین، هەردوو ئەم ڕەگەزە چ وەك بەهاو بنەما چ وەك پەیکەرو دامەزراوەیش بونیان هەیە، لەلام لەواقیعدا هیچ کامێکیان ئەو ڕۆڵەی خۆیان ناگێڕن کەلەپێناویدا هێنراوەنەتە کایەوە، هەرچی حکومەتە پارێزەری یاسا نییە، مەبەستیشم لەمە ئەوەیە کە جێبەجێنەکردنی یاسایە لەلایەن حکومەتەوە بەسەر هەمووواندا وەك یەك و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، لێرە نەك یاسا بەڵکو جەوهەری یاسا پێشێل دەکرێت کەئەویش نەسەپاندنیەتی بەشێوەیەکی وەکیەکی و بەبێ جیاوازی بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، حکومەت پێویستە بۆ هیچ کەسێك و هیچ لایەنێك ملی یاسا لارنەکاتەوە، یاسا ئەبێت سەروەربێت بەچاوپۆشی لەهەر ئیعتیبارێك کەدێتە کایەوە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە مەحسوبییەت و مەنسوبییەت و ئینتیماو لایەنگیرییەکان، ڕۆحی یاسایان بەتاڵکردۆتەوە، لای ئێمە یاسا جارێك لێبوردەیەو جارێکیش پێداگر، ئەم حاڵەتەش لەبەهای خودی یاسای دابەزاندووە بۆ ئاستی بێنرخکردن و لاقرتی پێکردن، هەڵبەتە لێرەدا پێویست بەهێنانەوەی هیچ بەڵگەو نمونەك ناکات، چونکە هەموو تاکێك لەم کۆمەڵگەیەدا هەست بەحاڵەتی دووفلیقانەیی دەکات لەجێبەجێکردنی یاسادا، یاسا لەم وڵاتەدا خاوەنی دوو دڵە، دڵێکی ئازاو جەربەزەو پێداگیرو دادگەر بۆ کەسانی بێ نەواو لاواز، ئەو کەسانەی کە هەندێك جار ڕەنگە نەفرەت لەیاساو دەسەڵاتێك بکەن کەئەمان ناتوانن لەسایەیدا هەست بەحەسانەوە بکەن و هەست بکەن مافەکانیان پارێزراوە، هاوکات ئەم یاسایە دڵێکی نەرم و لێبوردەو چاوپۆشیکەری هەیە بۆ کەسانی سایەدارو پایەدارو ئەرباب و ئەحباب، زەقترین ڕەنگدانەوەی خراپی ئەم حاڵەتەش لەبوونی دیاردەگەلێکدا ڕەنگدەداتەوە کەخەریکە ئەم وڵاتە نوقمی گەندەڵی دەکات وەك دیاردەکانی دوو پۆستی دوو ئیمتیازی دوو مووچەیی دوو زەوی دوو ... هتد.

لەلایەکی دیکەشەوە ئێمەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، وەك پێویستە دەستمان نەگرتووە بەو داب و نەریت و ڕێسا گشتیانەوە کە دەکرێت لەدەرەوەی یاسادا تارادەیەك سنورێك بۆ ئەو گەندەڵی و دزێویانە دابنێت کە ڕەنگە لەئایندەدا بەتەواوەتی شکست بەهەموو ئەو پایەو بنەمایانە بێنێت کەئەم کۆمەڵگەیەمانی لەسەر وەستاوە. کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی چەندین دابەونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی جوان و ڕەسەنە، بەڵام وێرای ئەمەش ئێمە ڕۆژنە کەجەخت لەسەر ئەم دابو نەریت و فەزیلەتانەی خۆمان دەکەینەوە و پێیاندا هەڵدەدەین و شانازییان پێوە دەکەین کەچی لەکرداردا هیچیان جێبەجێ ناکەین، ئەمەش چەواشەکردنی خۆمان و فریودانێکی بێ بەزەییانەیە کەدەرهەق بەخۆمانی دەکەین،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15:05 7-8-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەمە ڕەشبینی نیە، بەڵکو ئەمە واقیعە، واقیعی ئەم ژیانەی کەخۆمان بەدەستی خۆمانەوە گیرۆدە بووین، باشە ئێمە بۆچی وێڕای ئەو فەزیلەتانەی کەلەئایین و لەنەریت و لەدابەکانی خۆماندا تۆمارمان کردوون و جەختیان لەسەر دەکەینەوە، کەچی هەر خۆشمان دادوبێدادمانە لەدەستی ناهەقی و ستەمکارییەکانی خۆمان، ڕۆژانە یەکتر فریو دەدەین، یەکتر دەخەڵەتێنین، یەکتر ئازار دەدەین، چێژ و خۆشییەکان لەیەکتر حەرام دەکەین، ئێمە ڕۆژانە ئازارو نەهامەتی و دەردەسەرییەکان دەچێژین، کەچی ئەگەر کەمێکیش بیر بکەینەوەو ووردبینەوە دەبینین زۆربەیان خۆمان بەسەری یەکتریدا دەهێنین، خودا دەفەرمێت: "هەموو مرۆڤەکان زەرەرمەندن ئەوانە نەبێت کەباوەڕدارو چاکە کارن" پێغەمبەر (د. خ) دەفەرمێت: بەرەوشت و کرداری جوان لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن. مەسیح دەفەرمێت: بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکە کەپێتخۆشە بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت" کورد دەڵێت: مەرد بە، دەستپاك بە، داوێن پاك بە، مامەڵەت جوان بێت، ڕێز لەخانەخوێو دراوسیَ وَ یەکتری بگرن، هاورێیەکەت دراوسێکەت دۆستەکەت خۆشەویستەکەت ئازار مەدەو خراپەت نەبێت بۆی، بەرامبەرەکەت فریو مەدە، زوڵم لە کەسە لاوازەکان مەکەن، کەچی ئێمە کەهەر هەموومان ئەمانەیش دەزانین، بەڵام ڕۆژانە هەموومان لەدەستی یەکتر زوخاو دەنۆشین، حەسرەت دەکێشین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.